بە درێژایی زیاتر لە سەدەیەک، ستەم و چەوسانەوەوزیندانیکردن و ڕاگوێزان و جینۆساید وکوشتنی بە کۆمەڵ لە لایەن فاشست و دیکتاتۆرەکان نە چۆکیان بە خەڵکی کوردستانی باشوور دا، نە پاشەکشێشی بە داخوازیە میللی و دیموکراتییەکانیشی کرد. ئەمرۆ دوای 15 ساڵ لە دەسەلآتی سیاسی کوردی ( پارتی و یەکێتی) لە کوردستان دا، دیسانەوە زۆربەی زۆری شاروشارۆچکەکەکانی کوردستان بوونەتە بنکەیەکی بەرینی نارەزایەتی جەماوەری بەرامبەر نەبوونی خزمەتگوراییە سەرەتاییەکانی ژیان، وەک ئاو و کارەبا و سووتەمەنی، و پێشێلکردنی مافە مەدەنی و دیموکراتیکەکانی خەڵک، وەک ئازادی مانگرتن و نارەزایەتی و خۆپیشاندان.

هەر بۆیە لە 5 مانگی ئابـــەوە تا ئەمرۆ، لە شارەکانی وەک سلێمانی و کەرکووک و دهۆک و چەمچەماڵ و کەلار و خانەقین و زۆرێک لە شارۆچکەکانی تریش، هەزاران لە خەڵکی هاتوونەتە سەر شەقامە گشتییەکان و بە شێوەیەکی سیڤلانە خواست و داواکارییەکانی خۆیانیان بە نامە و ئاکسیۆن بەیان کردووە، ئەوەتا ئەمرۆش لە درێژەی ئەم ڕاوەستانەدا، دەستەی داکۆکی کردن لە داخوازییەکان بانگەوازی مانگرتنێکی گشتی لەخەڵکی شاری سلێمانی بە شێوەیەکی هێمنانە دەکات.

لەجێ ی وەلآم دانەوە بە داخوازییەکانی جەماوەر و داواکارییەکانی ئەم بزووتنەوە سەرتاسەریە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پەنا بۆ ئامرازەکانی سەرکووت و پێشێل کردنی زیاتری مافە مەدەنی و دیموکراتییەکان ئەبا.
ئەوەتا لە هەموو شارو شارۆچکەکان دا چەکدارەکانی حکومەتی هەرێم بەئاشکرا تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە. ئەمەش بۆتە هۆی کوژرانی یەک کەس و بێسەروشوێنکردنی چەندین و بریندارکردنی لانی کەم لە 150 کەس و گرتنی ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووان و ڕابەرانی خۆپیشاندانەکە.
ئەم رەوشت و ئاکارە دیکتاتۆرییانەی دەسەلآتدارانی سیاسی کوردستان کە هاوکاتە لەگەڵ هێرشێکی پرۆپاگەندەیی پوچەڵ بۆ نیشاندانی کارێکتەرەکانی خۆپیشاندەران بە وێنەی ژمارەیەک لە " بەکرێ گیراو و گێرەشێوێن و تیرۆریست و....هتد" ، پێشێلکردنێکی بێئابرووویانەیە بۆ سەرەتاییترین مافە مەدەنی و ئازادی یە سیاسیەکانی خەڵک.
لێرەوە، بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک لە کوردستان پێویستی بە هەڵوێستی دڵسۆزانە و هاوپشتی ئێوە هەیە بۆ فشار هێنان بۆ سەر حکومەتی هەرێم بە مەبەستی پووچەڵ کردنەوەی ئەم سیاسەتە دژەئینسانییانە و جێگیرکردنی یاسای رێزگرتن لە مافە مەدەنی و دیموکراتیکەکانی خەڵک و دابینکردنی داواکارییە ئابوورییەکان و داخوازییە سەرەتایی یەکانی جەماوەری کوردستان. دیسانەوە هاوپشتی ئێوە ئەتوانێ رۆڵێکی کاریگەر بێت بۆ ئازادکردنی دەستبەجێ ی گیراوەکان و دادگایی کردنی تاوانباران و ئەو دەسەلآتدارانەی کەتا ئێستا سیاسەتە دژە ئینسانییەکانی دیکتاتۆرەکان پەیرەو ئەکەن دژ بە جەماوەر.

---

وێنەیەک بۆ:

1- هەموو حیزب و ئۆرگان و رێکخراوەجەماوەری و پیشەییەکانی کەنەدا. رێکخراوی ئەمینستی ئینتەرناسیونال

2- گشت ناوەندە رۆشنبیری و ئۆرگانەکانی بلآوکردنە و رۆژنامەکانی کوردستان

3- سایتە کوردییەکانی سەر ئینتەرنێت